
# بانكەكان لەئاست متـ

# ئەو دامەزراوە ئابوورییەی كرانەوەی هـ

لەكوردستان زیاتر لە١٠ هەزارو ٢٠٠ كۆمپانیاو سەدان بیزنسكارو وەبەرهێن بوونیان هەیە، كەچی ئاستی توانایی دارایی و داهاتی بانكەكان بەرز نین



زۆربەی بانكە ئەهلییەكان بەشێوەیەكی زانستی و سیستەمانە كارو چالاكی بانكی ئەنجام نادەن



# ـــمانەی هەمووانداية؟

## ـــەرێم بەرووی دەرەوە مسۆگەر دەكات



بانكی ناوەندی
كەبە بانكی
بانكەكان
ناودەبرێت
رووبەرووی
هێرشێكی
تیرۆرستی بۆوەو
زۆر لەدۆسیێ و
حساباتەكانی
دزراو سوتێنراو
١٢ لەپاسەوانی
بانكەكەش
كوژران، ئەمەش
كاریگەریی
خراپی كردە سەر
كاروچالاكی بانكی

كار بۆ لابردنی
سفرەكانی
دینار دەكرێت

## دکتۆر جەودەت جەعفەر خەتاب

## پسپۆرو شارەزا لەبواری زانستی بانکی :

# بانکەکانی کوردستان لەئاستی بانکە نێودەوڵەتییەکاندا نین



**بانک لە ئابووری بازاڕدا بەبڕبڕەی پشتی ئابووری دادەنرێت**

### بانکەکان بەسیستەم و تەکنەلۆژیای نوێ بەڕێوە دەبرێن؟

لەکوردستان بەسەدان ملیۆن دۆلار هەڵدەسوڕێت و ئاڵوێری بازرگانی نێوان هەرێم و وڵاتانی دەوروبەر بۆ زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار دەچێت، لەم هەرێمە زیاتر لە ١٠ هەزارو ٢٠٠ کۆمپانیاو سەدان بەڵێندەرو بیزنسکارو وەبەرهێن و بازرگان بوونیان هەیە، بەپێی لێکدانەوەی بانکی نێودەوڵەتی ئاستی گەشەی ئابووری گەیشتۆتە لە١٠٪ و داهاتی تاکە کەسیش لەساڵێکدا بۆ ٤٥٠٠ دۆلار بەرزبۆتەوە، کەچی ئاستی توانایی دارایی و داهاتی بانکەکان بەرز نین! زۆربەی بانکە ئەهلییەکانیش دوور لەشێوەیەکی زانستی و سیستەمانە کارو چالاکی بانکی ئەنجام دەدەن، گەرچی بانکی ناوەندی هەرێم هەنگاوی ناوە بەرەو زیادکردنی وەبەرهێنانی بانکی و ٣ بانکی لوبنانی لەهەرێمەکەدا بوونیان هەیەو ئەگەری کردنەوەی ٥ گەورە بانکی تورکیش هەیە، ئەمە لەکاتێکدا لەهەرێمی کوردستان ٨٣ بانکی حکومی و ٦٤ بانکی ئەهلی و ٣ بانکی بیانی بوونیان هەیە، لەم بانکانەدا نزیکەی ٦٠٠٠ کارمەندو کادیری بانکی هەلی کاریان بۆ رەخساوەو، پێشبینی زیادبوونی ئەم ژمارە کارمەندە بۆ نزیکەی ١٠ هەزار کەس دەکرێت، بەڵام بەوتەی شارەزایەکی بانکی ئەم هەوڵانە کزو لاوازن. لەم واقیعە نوێیەو تارادەیەك باشبوونی ئاستی داهاتی تاکەکەسی پێویستە چاوخشاندنەوەیەك بەبەرنامەو سیستەمی بانك بکرێت و متمانەی زیاتر بۆ بانکەکان بگەڕێنرێتەوە، لەم رووەوەشەوە بەڕێوەبەری گشتی بانکی ناوەندی هەرێم ئاماژە بۆ بەرنامەو سیستەمێکی نوێ بانکی دەکات کە لەداهاتوویەکی نزیکدا لەهەرێم جێبەجێ دەکرێت و رۆڵی لەبەرەوپێشچوونی چالاکی بانکی دەبێت.

**لەهەرێمی کوردستان ٨٣ بانکی حکومی و ٥٢ بانکی ئەهلی و ٣ بانکی بیانی بوونیان هەیە**

تاچەند بانکەکان بوونەتە ئەو کلیلەی کە زامنی کرانەوەمانە بەرووی جیهانی دەرەوە ؟ بانك لە (ئابووری بازاڕ)دا بەبڕبڕەی پشتی ئابووری دادەنرێت، بێ بوونی بانك کە مامەڵە مەسرەفییەکانی بەشێوەیەکی زانستی و سیستەمانە ببات بەڕێوە، هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان و کرانەوە بەرووی جیهانی پێشکەوتوو دووچاری ئاستەنك و کێشەی گەورە دەبێتەوە، تەنانەت شکستێکی گەورە بۆ بواری پەرەپێدانی بیزنس و کەرتی تایبەت دەهێنێت. ئەم راپۆرتە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەکی بارودۆخی بانکەکانی کوردستان و ئەو هەنگاوانەی پێویستە بنرێت لەپێناو پێشختستنی کاری بانکی و زیادبوونی وەبەرهێنانی بانکی لەهەرێمی کوردستان، هاوکات دەمانەوێت بەرپرسانی بانکی و ئەکادیمییە پسپۆرەکان وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، ئایا بانکی ناوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ئامادەکردووە کە لەکاتی هاتنی بانکە بیانییەکان روودەدات؟ بەتایبەتی کاتێك بانکە ئەهلییەکانمان لەئاست کێبرکێ و پێشکەوتنی ئەو بانکە بیانییانە نەبێت. چی بکرێت بۆ ئەوەی بانکەکانمان ئەو دامەزراوە بێت کە لەرووی سیستەم و شێوازی کارکردنیانەوە لەئاست چالاکی و خواستەکانی واقیعی هەرێمەکەو پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بێت و، توانای کێبرکێ و بەشداریکردنی بانکە پێشکەوتووەکانی دنیای هەبێت؟ کاتی ئەوە هاتووە تەنیا بەدڵی بازرگان و بیزنسکاران مامەڵە لەگەڵ ئابووری نەکەین و چی تر



گرنگ نییە لەم قۆناغەدا وا بەخێرایی بگەینە ئەزموونی بانکە ئیماراتییەکان، بەڵام گرنگە لە کڕین و فرۆشتـ



**ئەدهەم کەریم**

## بەڕێوەبەری گشتی بانکی ناوەندی هەرێم:

# ڕاهاتنی خەڵکی بە پاشەکەوتکردنی پارە لەماڵەکاندا وایکردووە کولتوورێکی خراپ دروست بێت

دامەزراوەیەکی وا گرنگ لەلایەن کەسانی بێ توانا نەکرێتەوە، چونکە بانك پێشانگایەك یاخوود سۆپەرمارکێتێك نییە بەڵکو متمانەی هاووڵاتییانی ناوخۆو دنیاشە بەهەرێمی کوردستان، کاتی ئەوە هاتووە بپرسین بۆچی تا ئێستا متمانە نەگەڕاوەتەوە بۆ بانکەکانمان؟ لەکاتێکدا بێ گەڕانەوەی متمانەو بوونی سیستەمێکی بانکی پێشکەوتوو، هەنگاوەکانی راکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ ناو هەرێمی کوردستان رووبەرووی شکستێکی گەورە دەبێتەوە.

**لە(عێراقەکەی دیکە) چۆن لەفەلسەفەی بانك تێگەیشتووین**

کردنەوەی ١٥ کونسوڵخانەو هاتنی زیاتر لە ٦٠٠ کۆمپانیای تورکی ئەو راستییە دەردەخات ئەم هەرێمە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست پێگەی ئابووری خۆی هەیە، رۆڵی بانك لەژیانی ئابووری و کاریگەری لەسەر پێوەندییە ئابووری و ئیقلیمییەکان بەتایبەت لەگەڵ وڵاتی تورکیادا زۆر گەورەو کاریگەرە، بەتایبەتی لە (لەعێراقەکەی دیکە)، کەمەبەست لێی هەرێمی کوردستانە هەروەکو چۆن زۆر لەمیدیاکانی رۆژئاوا ئاماژەی بێ دەدەن، بەوەی بارودۆخی ئەم هەرێمە بەراورد بەناوچەکانی تری عێراق زۆر جیاواز ترە، ئەوەتا لە دوو رووداوی جیاوازدا کە لەمانگی رابردوو روویاندا لقی بانکی رافیدەین لەشارۆچگەی میشخابی نزیك بەغدا لەلایەن پاسەوانی بانکەکەوە دزراو، بانکی ناوەندی بەغداش دوای ئەوەی رووبەرووی هێرشێکی تیرۆرستی بۆوە زۆر لەدۆسێ و حساباتەکانی دزراو سوتێنراو ١٢ لەپاسەوانی بانکەکەش کوژران، ئەمە لەکاتێکدا بانکی ناوەندی بەبانکی بانکەکان ناودەبرێت و کاریگەری لەسەرجەم بانکەکانی ترو دامەزراوو کاروچالاکی کۆمپانیاکان هەیەو باڵانسی راگرتنی بەهای دیناری عێراقی لەوێوە دەکرێت. لەم واقیعە دژوارەی عێراقدا بارودۆخەکە لەهەرێمی کوردستان پێچەوانە بووەتەوە، ئەوەتا وەبەرهێنانی ناوخۆیی رووی لەزیادبوون کردووەو ئاڵوێرە بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بۆ زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە، بڕیاریشە ژمارەیەك لە بانکە تورکییەکان بێنە هەرێمی کوردستان و بەرەسمی مۆڵەتی کارکردن وەربگرن و لەشاری هەولێر لقی تایبەت بەخۆیان بکەنەوە، هەریەك لە بانکەکانی ( کشتوکاڵی هاوبەش و ئایچ بانکاسی و ئیك بانك و گارانتی بانك و واك بانك )ی تێدایە. کردنەوەی لق و نووسینگەی بانکە بیانییەکان بەتایبەتی تورکییەکان شوێنەوارو کاریگەریی خۆی دەبێت بۆ سەر زیادبوونی ئاڵوێری بازرگانی و فراوانبوونی ئاسۆی وەبەرهێنان بەتایبەتی وەبەرهێنانی بیانی لە کەرتی بانکیدا، هەر سەبارەت بەم تەوەرەیە شارەزاو پسپۆر لەبواری بانکی دکتۆر جەودەت جەعفەر دەڵێت:(ئارامی و ئاسایش بنەمایەکی پێویستە بۆ پێشخستنی بانك و راکێشانی کردنەوەی بانکی بیانی و لقەکانی لەهەرێمی کوردستان، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ گەورەبوونی قەبارەی ئاڵوێری بازرگانی و بەگەڕخستنی وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆیی بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتی تورکیادا، کە وایکردووە کردنەوەی بانکی تورکی سوودو قازانجێکی گەورەی بۆ وەبەرهێنە تورکییەکان هەبێت، هاتنی بانکی تورکی بۆ هەرێمی کوردستان دەروازەیەکە بۆ ئەورووپاو جیهانی پێشکەوتوو..).

**بوونی بانکە بیانییەکان لەهەرێمدا جیاوازیەکی دیکەی کوردستانە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا**

**ئارامی و ئاسایش بنەمایەکی پێویستە بۆ پێشخستنی بانك و راکێشانی کردنەوەی بانکی بیانی و لقەکانی لەهەرێمی کوردستان**


...نی دراوو حەواڵەش دا لەشێخەڵڵاو بازاڕی دراوەکەو سەرشەقامەکان لەسەر مقەبا مامەڵەی دراو ئەنجام ئەدەین

## ئەمیر سەلیم

### شارەزا لەبواری ئابووری و مامۆستای زانكۆ:

# ناكرێت بانكەكان لەپرۆسەی ئابووری رۆڵیان نەبێت



**بێ بوونی بانكێك كە مامەڵە مەسرەفییەكانی بەشێوەیەكی زانستی و سیستەمانەو ببات بەڕێوە، هەوڵەكانی ئاوەدانكردنەوەو وەبەرهێنان لەهەرێمی كوردستان و كرانەوە بەرووی جیهانی پێشكەوتوو دووچاری ئاستەنگ و كێشەی گەورە دەبێتەوە**

### زۆر لە بانكە ئەهلییەكان كاری راستەقینەی خۆیان ناكەن

ناتوانرێت بڵێین كاروچالاكی بانكی لەهەرێمی كوردستان بەپێی خواست و گۆڕانكارییەكانی سەردەم بەرەو پێشەوە چووە، شوێنەوارەكانی شەڕو ماڵوێرانی ساڵانی رابردوو كولتووری بێ متمانەیی بە چارەنووسی ئابووری و بانكی لەلای تاكی كوردستانی لێكەوتۆتەوە، هەر ئەمەشە وایكردووە رێژەیەكی كەم لەهاووڵاتییان مامەڵە لەگەڵ بانكەكان بكەن، بەرادەیەك هەندێك ناوەندو میدیا ئەم رێژەیە بۆ تەنیا لە ٢٠٪ دەگەڕێننەوە. دكتۆر جەودەت جەعفەر خەتاب پسپۆڕو شارەزا لەبواری بانكی بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی: ((گەرچی حكومەت كارئاسانی بۆ كردنەوەی بانكی ئەهلی و بیانی لەهەرێمەكەدا كردووە، بەڵام كارو چالاكی ئەم بانكانە تاكو ئێستا لەئاستێكی نزمدان و بەپێی پێوەرە جیهانییەكان مامەڵەو كارە بانكییەكانیان بەڕێوە نابەن، زۆرجاریش بانكی ئەهلی وا دەبینی كاری راستەقینەی بانك ناكات، ئەمە لەكاتێكدا لەسەردەمی نوێی جیهانداو لەقۆناغی جیهانگیریدا بانكەكان لەئاستێكی بەرزی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاو زانستی مامەڵەكانیان رێك دەخەن و پەیوەندییەكانیان زۆر فراوان بووە..))، ئەم شارەزا بانكییە لەقسەكانیدا بەراوردكارییەك دەكات لەنێوان بانكە نێوخۆییەكان و بانكە نێودەوڵەتییەكان هەربۆیە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی: كە لەم واقیعەو بەراوردكارییەدا مومكین نییە بانكەكانی كوردستان بتوانن لەئاست كێبركێی بانكە بیانییەكان بەتایبەت بانكە نێودەوڵەتییەكانی جیهاندا رابووەستن، راستە هەوڵێك هەیە بۆ پێشخستنی كاروچالاكی بانكی و زیادبوونی وەبەرهێنان لەبواری بانكی ئەهلی، بەڵام ئەم هەوڵانە بەپێی پێویست نییە و ماوەیەكی باشی دەوێت. لەبەرامبەردا بۆچوونێكی جیاوازیش هەیە بەوەی سەرەڕای ئاستەنك و كێشەو گرفتەكانی بەردەم گەشەكردنی سیستەمی دارایی و نەختینەیی و بانكی، بەڵام هەوڵەكان ئومێد بەخشن بەتایبەتی لەم بەشەی هەرێمی كوردستان دا لەمبارەیەوە ئەدهەم كەریم بەڕێوەبەری گشتی بانكی ناوەندی هەرێم دەڵێت: كاروچالاكی بانكی لەئاكامی پێشكەوتنی بازرگانی و باشبوونی بژێوی هاووڵاتییان و ئەو سەقامگیرییەی هەرێمەكە بەخۆیەوە بینیوە هەنگاوی باشی ناوە، بوژانەوەو زیادبوونی بانكە ئەهلییەكان بۆ ئەو ئاسانكاری و هاوكارییە دەگەڕێتەوە كە بانكی ناوەندی و حكومەتی هەرێمی كوردستان پێشكەشیان كردووە. سەبارەت بەجۆرو شێوازی كاركردنی بانكە حكومی و تایبەتییەكان بەڕێزیان وتی: بانكە حكومییەكان سەر بەوەزارەتی داراییە، بەڵام بەڕێوەبردنی سەربەخۆی خۆیان هەیە، بانكە ئەهلییەكانیش وەكو كۆمپانیایەكی سەربەخۆ كە مۆڵەتی دامەزراندنیان لەبەغداوە وەرگرتووەو لەلایەن ئێمەشەوە مۆڵەتی كاركردنیان لەهەرێمەكەدا پێ دراوە، هەر بانكێكی ئەهلی كە مۆڵەتی پێدەدرێت دەبێت سەرمایەكەی ٢٥٠ ملیار دینار كەمتر نەبێت، ئێستاكە لەپێناو پێشخستنی كاروچالاكی بانكی لەهەرێمی كوردستان بەرنامە دانراوە بۆ جێبەجێكردنی سیستەمێكی نوێ بانكی. لەلایەكی ترەوە سەبارەت بەبانكی ناوەندی بەغدا گووتی: بەرزكردنەوەی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دراوەكانی تر لەبەرنامەی بانكی ناوەندی دایە، لەداهاتووشدا كار بۆ لابردنی سفرەكانی دینار دەكرێت و گفتوگۆ لەگەڵ ئێمەش كراوە.

**بەرەی بوونی كێشەی ئەمنی و ئاڵۆزبوونی گۆڕەپانی سیاسی عێراقی لەبەرنامەی بانكی ناوەندی عێراقدایە بەهای دینار بەرز بكاتەوە**


**لەمیانەی قسەكانیدا بەڕێوەبەری گشتی بانكی ناوەندی هەرێم گووتی:** نەبوونی هۆشیاری ئابووری و راهاتنی خەڵكی بەپاشەكەوتكردنی پارە لەماڵەكاندا وایكردووە كولتوورێكی خراپ دروست بێت، بەوەی هاووڵاتی پارەی لەبانك دانەنێت. لەهەرێمی كوردستان هاووڵاتییان یەك دیناریان لەبانكەكان بەفیڕۆ نەچووە، بۆیە پێویستە ئەو كولتوورە بگۆڕین كە پارە هەڵگرتن لەماڵەكاندا دەیان كێشەی دزین و فەوتاندن و دڕانی لێكەوتۆتەوەو، زۆرجار مەترسی بۆسەر هاووڵاتیانیش هەبووە

سەبارەت بەم كێشەیەو نەبوونی متمانە بەبانكەكان و گەڕانەوەی متمانە بەبانكەكانی هەرێم ئەمیر سەلیم شارەزا لەبواری ئابووری و مامۆستای زانكۆ دەڵێت:( كێشەی ئابووری كوردستان و كەرتی بانكی لەنەبوونی سیستەمێكی رێكوپێكی ئابوورییەوەیە، بەرادەیەك كولتوورێكی وای لێكەوتۆتەوە هاووڵاتییان و بیزنسكاران و وەبەرهێنان سەرمایەكانیان لەبانك دانانێن، ئەمەش بۆ نەبوونی متمانە دەگەڕێتەوە، لەهەموو حاڵەتێكدا بیزنسكارو سەرمایەدار پارەو داهاتیان لەبانك دانانێن، ئەمەش هاوكاتە لەگەڵ كەمی پەیوەندی نێوان خەڵك و بانك، بۆیە نەبوونی سەرمایە گەورەترین كێشەی بەردەم بانكەكانی هەرێمی كوردستانە، پێویستە ئاسانكاری و یارمەتی زیاتری بانكە ئەهلییەكان بكرێت، تاوەكو لەرووی ژمارەو چۆنایەتییەوە ئەم بانكانە زیاد بكات و توانای

## هاژە جەمال

## بەڕێوەبەری بانکی نەورۆز :

# دەکرێت سوود لە سیستەمی بانکی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا وەربگرین



**پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو بووژانەوەی کەرتی بازرگانی و زیادبوونی ڕێژەی بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان دا بێ سیستەمی بانکی بەڕێوە نەچووە**

کێبرکێکردنی یەکتریان هەبێت، ناکرێت چی تر بانکەکان لەپرۆسەی ئابووری رۆڵیان نەبێت.

سەبارەت بەو ڕێوشـوێنانەی کە دەبێتە هۆی زیادبوونـی دەرفەتەکانـی قازانـج لەبەردەم بانکە ئەهلییەکان بەڕێـزی پێی وابوو: بانك وەکـو هەمـوو دامەزراوەیەکی تـر بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێت کە قازانجی لێدەسـت بکەوێت، ئەگەر بانـك بزانێت قازانج دەکات ئـەوا ژمارەیـان زۆر دەبێت و ئاسـتی کارو چالاکییەکانیشـیان فراوانتر دەکەن، پێویستە حکومەت لەڕێگای بەگەڕخستنی سیستەمی دڵنیابوون و زەمانەتکردنی پرۆژەکان دەرفەتی زیاتر لەبەردەم وەبەهێنانی بانکییەکان بکاتەوە، چونکە ئێسـتاکە بانکەکان بەهۆی نەبوونی دڵنیایی و ترس لەئەگەری زیان بەشـداری لەپێدانـی قـەرز کـەم دەکـەن، لەکاتێکدا پرۆژەکانی بواری وەبەرهێنان زۆر پێویستێتیان بەسـیولەی نەختینەیـی و بەشـداریکردنی بانکەکانە لەپرۆژەکانی وەبەرهێنان.

پێشـکەوتنی بوارەکانـی وەبەرهێنـان و سـەرمایەداریی پەیوەندییەکـی توونـدی بەپێشـکەوتنی بانکـەکان و متمانـەی هاووڵاتییان و بیزنسکاران بەبانکەکانەوە هەیە، سەبارەت بەرۆڵی بانکەکان لەبەرەو پێشچوونی پرۆسـەی ئابووری و چۆنیەتی پێشکەوتنی شـێوازو سیسـتەمی بانکی هـاژە جەمال بەڕێوەبەری بانکی نـەورۆز وتی: بارودۆخە سیاسـییە ئاڵۆزەکەی عێـراق و تێکچوونی ڕەوشی ئارامی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردسـتان کاردانەوەی لەسـەر هەوڵەکانی هەرێمـی کوردسـتانیش هەبـووە کـە بۆ پێشخستنی کەرتی بانکی نراوە، بەڵام بەهۆی ئەو ئاسانکارییانەوە کە پێشکەش بەدامەزرانی بانکە ئەهلییەکان نرا ئێستاکە چەندین بانکی ئەهلی کارو چالاکی بەردەوامی خۆیان دەکەن و بانکە حکومییەکانیش گۆڕانێکی بنەڕەتی بەخـۆوە بینیوە، بۆیە پێـم وانییە بانکەکانی هەرێم هیچ گۆڕانکاریی و بەرەوپێشچوونێکیان بەخۆوە نەبینیـوە، پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو بوژانـەوەی کەرتی بازرگانـی و زیادبوونی ڕێژەی بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردسـتان دا بـێ سیسـتەمی بانکـی بەڕێوەنەچـووە، ئەمڕۆ بانکـە حکومییەکان و ئەهلییەکانیـش چەندیـن خزمەتگوزاری پێشـکەش بەهاووڵاتییـان و فەرمانبەران و بیزنسـکاران دەکەن و پێوەندییەکانیش لەگەڵ بانکە جیهانییەکان چۆتە قۆناغێکی باشەوە.

دەکرێت لەهەرێمی کوردسـتان سـوود لەزۆر سیسـتەمی بانکی وەربگرین کە ئێسـتاکە وڵاتانی پێشـکەوتووی دنیا پەیڕەوی دەکەن، بێ پێشخسـتنی سیستەمی بانکی ناتوانرێت بانکەکانی نێوخۆی کوردسـتان بۆ پێشـەوە هەنگاو بنێت و سیسـتەمێکی تەکنەلۆژیای پێشـکەوتووش بـۆ کاروچالاکـی بانکەکان دادەنرێت.

### لەلوبنان بانك گەورەترین وەبەرهێنانەو لەهەرێمی کوردستانیش لەسەر مقەبا ئاڵوێری دراو دەکرێت

کاتی ئـەوە هاتووە کۆمپانیـاو بانکەکانمان بەدامەزراوەیـی بکەیـن و، لـە ئاسـت پێشکەوتنەکانی سـەردەمدا بێت و هۆشیاری بەنکی لەنـاو هاووڵاتییانماندا فراوان بکەین . مۆدێلی بانکە جیهانییەکان و لەناویانیشدا بانکە تورکییەکان و لوبنانییەکان تارادەیەك بۆ ئابووری هەرێمەکە باش و گونجاوە، گرنگ نییە لـەم قۆناغـەدا وا بەخێرایـی بکەینە ئەزموونی بانکە ئیماراتییەکان، بەڵام گرنگە لە کڕیـن و فرۆشـتنی دراوو حەواڵەش دا لەشـێخەڵڵاو بازاڕی دراوەکە نەبین و لەسەر مقەبا مامەڵەی دراو ئەنجام نەدەین».

لە لوبنـان گەورەترین وەبەرهێنـان لەبواری بانکـدا ئەنجـام دەدرێت، بوونـی ٣ بانکی لوبنانیش لە هەرێمی کوردستان دەبێت فێری ئـەو وەبەرهێنانەمان بکات کـە لەلای ئەوان لەریزبەنـدی پێشـەوەی وەبەرهێنانەکانیاندا دێت، نەك تاکو ئێستا سیاسەت و فەلسەفەی بانکیمان نییەو، پاشەکەوتی پارە لەماڵەکانداییەو کریتیـت کارت بەکار ناهێنین و سیسـتەمی پێشـکەوتووی مامەڵەی مەسرەفیمان نییەو ئامێرەکانی ATMمان بەدەگمەن لێرەو لەوێ دانـراوە، ئەمە لەسـەردەمێکدا حکومەتەکان بەسیسـتەم و سیاسـەتە بانکییەکانیان پێش دەکەون، ئەوەتا بانکی نێودەوڵەتی سیاسـەتی جیهانی ڕێك دەخات و دەیان مەرج و ڕێنمایی بۆ ڕاستکردنەوەی بەرنامەو سیاسەتی ئابووری حکومەتەکانی جیهان دادەڕێژێت.

**هاتنی بانکی تورکی بۆ هەرێمی کوردستان دەروازەیەکە بۆ ئەورووپا و جیهانی پێشکەوتوو**


هاتنـی بانکـە لوبنانی و تورکییـەکان بۆ ئێمە سوودبەخشـەو دەکرێت لەشێوازی کارو چالاکییانەوە زۆر شـت فێـر بین و، ئێمەش بەهاوشێوەی گەلانی دنیا چی تر ئەو پارە زۆرە بەپاشەکەوتێکی بێ قازانج هەڵنەگرین، تەنانەت بانکـەکان کار بەڤیزاکارت و ماسـتەرکاردو سیسـتەمە پێشـکەوتووەکانی تـری دنیـا بکات، بۆ ئەوەی هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانـی ئابووری چی تر نەکەوێتە بەردەم ڕەحمەتی بێ سیولەیی و شێوازێکی تەقلیدی کۆنـی واوە کە زیـان بەمامەڵـە دارایی و نەختینەییەکان و حەواڵەکردن و گەشـتیارانی بیانی و وەبەرهێنەرەکان بگەیەنێت .

لێپرسراوی فایلی ئابووری: شەماڵ نووری
Email: shamalnori2001@yahoo.com Aburi@gulan-media.com
Mobile: 07504512761

بابەتی ((باڵەخانەکان . بێ پلانی لەستراتیژی بیناسازی و جێبەجێکردن دا ))، کە لەژمارەی رابردووی گوڵان بڵاوکرایەوەو تێیدا ئاماژەمان بەوەکرد: ناکرێت دوای کەوتنەوەی کارەساتی هۆتێل سیماو دارِمانی باڵەخانەو چەند رووداوێکی تری لەو شێوەیە چی تر هەر بیزنسکارو سەرمایەدارێك پارەی هەبوو بەئارەزووی خۆی ئاپارتمان و باڵەخانە بەرز بکاتەوە، بێ ئەوەی رەچاوی مەرج و پێوەرە زانستییەکان و هونەری و کواڵیتی پرۆژەکان بێت. لەم راپۆرتەدا بەدواداچوونێکی بەرِێز رزگار عەبدولکەریم عەبدولعەزیز پسپۆرو شارەزا لەبواری ئابووری نیشتەجێبوون سەبارەت بەم پرسە بڵاودەکەینەوە:

# بۆ ئەوەی کارەساتی هۆتێل سۆما دووبارە نەبێتەوە!

**رزگار عەبدولکەریم عەبدولعەزیز ***




**بەکارهێنانی کەرەستەی بیناسازی نادروست و نزم لەکوالێتیدا بۆ دوارۆژ مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوە**

هونەرو ئەندازیاری بیناسازی و پابەندبوون بەمەرج و پێوەرە زانستییەکان و رەچاوکردنی رێنماییەکان بەرگری شارستانی لەتەلارو باڵەخانە بەرزەکانی کوردستاندا بوونیان لاوازە، ئەوەتا لەدەیان پرۆژەی گەورەی بیناسازی بەدەگمەن باڵەخانەیەك دەبینیت پەیژەی فریاکەوتنی بۆ دروستکرابێت یاخوود سیستەمی ئاگرکوژێنەوەی مۆدێرنی هەبێت. ئەو بێسەروبەرییەی لەبەرزکردنەوەی بینایەکان و ئاپارتمانەکانی کوردستاندا هەیە تەنانەت لەوڵاتانی دەوروبەریشمان بەو شێوەیە نییە، لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دیاردەی بەرزکردنەوەی خێرای بینایەکان بێ رەچاوکردنی لایەنی هونەری و ئەندازیاری دەستی پێکردووە، بەتایبەت لەسەنتەری هەرسێ شاری هەولێرو سلێمانی و دهۆك، زۆربەی جار پەلەکردن و خێرایی پێوەدیارە ئەمە جگە لەوەی رەچاوی کوالێتی و مواسەفاتی هونەری و ئەندازیاری نابن و لەکاتی جێبەجێکردندا دەیان فرتوفێڵ و گەمەکردن بەکەرەستەو نەخشەی باڵەخانەکە دەکرێت.لەهەرێمی کوردستان بەتەواوەتی دیزاین و نەخشەی شارنشینی و جوانکردنی شار فەرامۆشکراوە، باڵەخانەو بینایەکانی کوردستان کوتلەیەکن لەبلۆك و چیمەنتۆ لەکاتێکدا گەر بێتو سەیری شارێکی وەك تاران یاخوود ئەستەنبوڵ بکەی دەبینیت جگە لەپابەندبوون بەلایەنی ئەندازیاری و هونەری رەچاوی جوانکردنی شارو گەشتیارانیش دەکرێت، ناکرێت چی تر مەسەلەی نەخشەی بنەڕەتی شارنشین و رەچاوکردنی لایەنی ئەندازیاری و هونەری وا فەرامۆش بکرێت و بوار بدرێت کارەساتێکی تری وەك هۆتێل سۆما دووبارە بێتەوە، ئەم بابەتە جگەلەوەی بابەتێکی هەستیارو زانستییە پەیوەندی بەگەندەڵی و پشتگوێخستنی سەلامەتی گیان و ماڵی هاوڵاتییانیشەوە هەیە، لەسەدەی بیست و یەکدا ناکرێت مۆڵەت بدەین بەهەموو کەسێك بەئارەزووی خۆیان باڵەخانە بەرز بکەنەوە بێ رەچاوکردنی رێنماییەکانی بەرگری شارستانی . بەکارهێنانی کەرەستەی بیناسازی نادروست و نزم لەکوالێتیی دا لەدوارِۆژدا مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوە، بەدەگمەن باڵەخانەیەك لەکوردستان دەبینیت مەرجەکانی بەرگری شارنشینی تێدا بێت، یاخوود پەیژەی فریاکەوتنی خێرای بۆ دروستکرابێت، کارەساتی هۆتێل سۆما لەسلێمانی تەنیا زەنگێکی مەترسدار بوو پێویست بەدەستێوەردان و رێکخستنی بواری نەخشەدانان و دیزاین هەیە.

**پسپۆرو شارەزا لەبواری ئابووری نیشتەجێبوون***

# پێویستە دەسەڵات بڕوای بە فەلسەفەی ئابووری بازاڕ هەبێت



د. نەرمین مەعروف *

بوونی حکومەتێکی قەبەو گەورە لەم هەرێمـــەدا ئاماژەیەکە بۆ پەراوێزکردنی کەرتی تایبەت و ناکامڵبوونی ڕۆڵی ئەم کەرتە لە ئابووری و پرۆسەی پەرەپێدان دا، کاتێـــك دەبینیـــن کەرتی حکومەت و تایبـــەت لەبری ئـــەوەی تەواوکەری بەرنامـــەو کاری یەکتر بـــن، کێبرکێ لەگەڵ یەکـــدا دەکەن. ئـــەو کات ئەو ڕاســـتییەمان بۆ دەردەکەوێت کە بۆچی زۆربەی جـــار هەوڵەکانـــی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشـــەو گرفتەکان لەبازنەیەکـــی داخـــراودا دەمێنێتـــەوە، هەنگاوەکانی چارەســـەرکردنی بێکاری و دامەزرانی بەلێشـــاوی بـــێ بەرنامە لەحکومـــەت نموونەیەکـــی بەرچاوە بۆ بێســـەروبەری چارەسەرەکان. لەم وتارەدا بەگەڕخســـتنی دەســـتی کار لەهەردوو کەرتەکە وەك نموونە دەهێنمەوە، کەچۆن حکومـــەت تەنیا جـــۆری بێکارییەکە دەگۆڕێت و یاســـاکانی کار پێویستیان بەهەموارکـــردن و چاکســـازی هەیە، هاوکات ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانـــەوە لەنـــاو ڕێکخراوەکان لاوازە، چونکە ئەوان نوێنەری توێژێکن پێویست بەوە دەکات لە ڕێگەی پڕۆژەو داواکارییەکانەوە گرفت و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەن.

**پەیڕەوکردنی ئابووری بازاڕ سیستەمێکی تازەیە و لەم کۆمەڵگەیانەدا نەچەسپاوە**

لەم چەند ســـاڵەی ڕابـــردوو لەمیدیا نێوخۆیـــی و جیهانییەکانەوە زۆر بابەت و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕۆڵی کەرتی تایبـــەت و کۆمپانیاکان لە پرۆســـەی ئابووری کراوە، بەو پێیەی لەســـەرجەم وڵاتە پێشـــکەوتووەکانی جیهان و بەپێی نەزمـــی نـــوێ و فەلســـەفەو تیـــۆرە ئابوورییەکان پێگەو هێـــزی ئەم کەرتە دیار و لەبەرچاوە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، ڕەنگە گرنگترینیان پێوەندی بەو بنەمایانـــە بگەڕێتەوە کە ئەم کەرتە لەســـەری دامەزراوەو لەگەڵ فەلســـەفەو سیســـتەمە ئابوورییەکانی وڵات دا دەگونجێـــت، بۆیە ناکرێت ئێمە لەهەرێمی کوردســـتان ئۆباڵی لاوازی کەرتی تایبەت و کزی و سستی پێگەو هێـــزی لە ئابـــووری هەرێمەکـــەدا بۆ خوودی کەرتەکە بگەڕێنینەوە، چونکە پێش هەموو شتێك مەرجە کەرتی تایبەت ژێرخان و ژینگەیەکی لەباری بۆ دانرێت، بەتایبەتی سیســـتەمی ئابووری بازاڕ پەیڕەو بکرێت ئەوجا گلەیی و ڕەخنەکان ئاراســـتەی کەرتەکە بکرێـــت، لەعێراق و هەرێمـــی کوردســـتانیش لەگەڵیـــدا پەیڕەوکردنی ئابووری بازاڕ سیستەمێکی تازەیە و لەم کۆمەڵگەیانەدا نەچەسپاوەو ناکامڵـــە، جوانترین بەڵگـــەش بوونی کەرتێکی قەبەی گـــەورەی حکومییە لەکوردستاندا، بۆیە ئەم ئەزموونە نوێیەی کەرتـــی تایبەت لەبـــەردەم گەورەکردن و فراوانبوونی حکومەتـــدا ئومێدێکی باشـــی لێ چاوەڕوان ناکرێت. پێویستە دەسەڵات بڕوای بە فەلسەفەی ئابووری بازاڕ هەبێـــت، دەرگاکان والآبکات بۆ فراوانکردن و بەهێزبوونی پێگەی کەرتی تایبەت، بەپێچەوانەشـــەوە دەبێت هەوڵی بچووککردنەوەی حکومەت بدات و ڕێگە بـــۆ تێپەڕبوون و گەشـــەکردنی کەرتی تایبـــەت والآبکات، تاوەکـــو ئەم کەرتە بەهاوشـــێوەی وڵاتانی پێشـــکەوتووی جیهان ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێ و بکەوێتـــە ژێر کاریگەری هاوکێشـــە ئابوورییەکانەوەو ئاراســـتەیەکی ڕاست و دروســـت وەربگرێت. نەبوونی فەلسەفەو ستراتیژییەتێك بۆ دیاریکردنی سنووری دەسەڵات و کارەکان و دابەشکردنی ئەرك و مافەکان کێشـــەیەکی گەورەی بەردەم گەشـــەکردنی کەرتی تایبـــەت داناوە، بۆنموونە یەکێك لەو بەڵگانەی کە ئاماژە بـــۆ ئەگەرەکانـــی لاوازکردنی کەرتی تایبـــەت لەئارادایە پێوەندی بەدەســـتی کارەوە هەیە، تاکو ئێســـتا ئەو ئیمتیاز و دەستکەوتانەی لەبواری کارکردن لەکەرتی حکومی هەیـــە لەکەرتی تایبەتدا نییە، ئەمەش وایکردووە هەموو پســـپۆڕایەتی و شـــارەزایان و دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان چاویان لەدامەزراندن کردووە، تەنانـــەت زۆر لەئەندازیاران و بوارەکانی تری پســـپۆڕایەتی دووبارە گەڕانەوە ناو حکومەت و کەرتی تایبەتیان بەجێهێشت، بەمەش کەرتی حکومەت بەقۆرخکردنی ئـــەو ئیمتیازاتانـــە ڕێگربـــوو لەبەردەم کارکردن لەکەرتی تایبەت، بەمشـــێوەیە یەکێك لەبنەما سەرەکییەکانی گەشەی کەرتـــی تایبەت کە دەســـتی کارێکی کارامـــەو شـــارەزایە لەدەســـتی داوە، لەبەرامبەریـــش دا بەپێچەوانەوە هەموو دەرچووانـــی زانکـــۆکان ڕوو لەکەرتی حکومی دەکەن لەکاتێکدا خۆی لەخۆیدا ئـــەو کەرتە گیرۆدەی بێکاری شـــاراوە بووەو داهێنان و بەرهەمهێنانەکانی تێیدا لاوازە..

بەمشـــێوەیە هەوڵەکانـــی حکومەت بـــۆ چارەســـەرکردنی بێـــکاری تەنیا لەچوارچێـــوەی گۆڕینـــی شـــێوەی بێکارییەکەدا دەسوڕێتەوە نەك دۆزینەوەی کاری ڕاستەقینە، کەسەکان لەبێکارییەوە

دەبنە خاوەن کارێکی رواڵەتی و دەکەونە ناو کێشەی بێکاری رووپۆشراوەوە، واتە تەنیا گۆڕینی جۆری بێکارییەکەیە نەك چارەسەرکردنی بێکاری، ئەمەش چارەسەرکردنی راستەقینەو بنەڕەتی نییە، کێشەیەکی گەورەش بۆ دوارۆژی حکومەت دروست دەکات، بەو پێیەی هەرێمی کوردستان ناوچەیەکە رێژەی چڕی دانیشتوانی تێدا بەرزە گەر هاتوو بەراورد بکرێت بەعێراق و زۆر ناوچەی تری جیهان، بەتایبەت کاتێك ساڵانە ژمارەی ئەو کەسانەی دێنە ناو بازاڕەوە روو لەزیادبوون دەکات و ژمارەیەکی تری هاووڵاتییان هەیە کە لەخواروو یاخوود لەسەروو تەمەنی کارەوەیە ئەویش لەبازاڕدا کار دەکەن، واتە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان کاریان دەوێت، ئەرکی حکومەتیشە ئەو هەلەیان لەکەرتی تایبەت بۆ زامن بکات لە رێگەی زامنکردنی ئیمتیاز و دابینکردنی ژینگەیەکی لەباری کارکردن لەم کەرتەدا. لەلایەکی ترەوە یاساکانی کارکردن لە کەرتی تایبەت پێویستیان بەگۆڕین و دەستکاریکردن و زۆرجار پێویستییان بە جێبەجێکردن هەیە، واتە لەهەرسێ بواری دانانی یاساو دەستکاریکردن و هەموارکردن و جێبەجێکردنەوە پێویست بەوە دەکات گۆڕانکاری بنەڕەتی ئەنجام بدرێت، چونکە زۆر یاسا هەیە تایبەت بەکەرتی تایبەت بۆ ئەو زەمەنە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی ناوەندی بەغدا ئابوورییەکی ئاراستەکراوی حکومی پیادەکردووەو ئێستاکە لەگەڵ فەلسەفەو سیستەمی ئابووری نوێ دا ناگونجێت، پێویستە یاسا رێکخەر و هاندەری پێشکەوتنی کەرتی تایبەت بێت، نەك بەپێچەوانەوە رێگر و ئاستەنگی بەردەم پەرەپێدانی ئەو کەرتە بێت. لێرەدا رەنگە ئەو پرسیارە دروست بێت ئایا رێکخستن و گۆڕینی ئەم واقیعە تەنیا ئەرکی سەرشانی حکومەتە؟ ئەی رۆڵی کەرتی تایبەت چییە لەدۆزینەوەی چارەسەر و دەرچوون لەواقیعی بێسەروبەری و سستی بەڕێوەچوونی کارەکان؟ حکومەت رێگە خۆش دەکات بۆ تێپەڕبوونی کەرتی تایبەت و ئەم کەرتە بەتەواوکەری رۆڵەکەی خۆی دەبینێت، بەڵام کەرتی تایبەتیش پێویستە لەئاست ئەو رۆڵ و پێگەیەدا بێت و لە رێگەی ئەو رێکخراوە پێوەندارانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە نوێنەرایەتی کەرتەکە دەکات پێویستە خاوەنی پڕۆژەو دەستپێشخەری بێت بەتایبەت بۆ گۆڕینی یاسا کۆنەکە نەك یاسایەك بەشێوەیەك بێت بۆ نموونە لەبواری کارکردن کرێکار و کارمەندەکان لەبەرژەوەندییان نەبێت کار لەم کەرتە بکەن، بۆنموونە سەندیکای کرێکاران پڕۆژەی یاسا بەرز بکەنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و ژووری بازرگانی و پیشەسازییەکان یاساکانی بازرگانی و پیشەسازی و بیزنسکاران و بەڵێندەران و بەوشێوەیە هەر توێژ و چینێك یاسای خۆی بەپێی بنەما زانستییەکان بەرزبکاتەوە بۆ هەموارکردن یا چەسپاندنی یاسای نوێی کارکردن، لەم سەردەمەدا حکومەت نایەت لە خۆڕا دەستپێشخەر بێت و یاسا بگۆڕێت، بەتایبەتی یاسایەك کە لەکاتی خۆیدا بۆ بەرژەوەندی کەرتی گشتی داڕێژراوە، پێویستە کەرتی تایبەت خۆی داوا بکات بەوەی یاسا کۆنەکان بگۆڕێت، ئەمەش دوای دیراسەتکردن و توێژینەوەی سەرجەم بوارەکانی و بێگوێدانە بەرژەوەندی هیچ لایەك، ئێستاکە کەرتی تایبەت چاوەڕێ دەکات حکومەت پێی بڵێت: کەرتی تایبەت کێشەتان چییە وەرە با چارەسەری بکەین! لەکاتێکدا واپێویست دەکات لەکاتی کەوتنەوەی گرفت و پێش کەوتنەوەی کێشەو تەنگژەکان نوێنەرەکانی کەرتی تایبەت پڕۆژەو بەرنامەیان بۆ سەرجەم ئەگەرەکان هەبێت و کەرتە تایبەتەکەش لەئاست سیستەمی ئابووری بازاڕ و تەحەدداکاندا بێت، ئەرکی حکومەتیشە ویست و خواستەکانیان خێرا بۆ پەرلەمان بەرز بکاتەوە تاوەکو یاسا کۆنەکان بەپێی واقیعی سەردەم و بە رەچاوکردنی لایەنی یاسایی و بەرژەوەندی گشتی هەموار بکات، لێرەدا زۆر گرنگە پارتە سیاسییەکان دەستێوەردانیان لەناو کاروباری ئابووری بازاڕ نەبێت، چونکە ئەم دەستێوەردانە لەزەقترین دیاردەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆر وڵاتی تری دواکەوتووی جیهانەو بۆتە هۆی شێواندنی هەموو یاسا و بنەماکانی ئابووری و بازاڕ، واتە حکومەتێکی دامەزراوەیی زۆر گرنگە بۆ پێشخستنی ئابووری و هەموارکردن و دەرکردنی یاسای نوێ کە لەبەرژەوەندی ئابووری وڵاتەکەو هەرێمەکەدا بێت، گرنگ نییە هەر حزبێکی سیاسی دەرچوو لەپرۆسەی هەڵبژاردن حکومەت دەبات بەڕێوە، گرنگ ئەوەیە لەناو دامەزراوەییەکانی حکومەت سیستەم و یاسا بمێنێت و بۆ پێشەوە بچێت، ناکرێت هەر پارتێکی دەرەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی حکومەت بکرێتە دەست و پایەکانی ئابووری و یاسای هەڵبوەشێنێتەوە، کاتێك هەرێمەکە دامەزراوەیی بێت ئەو کات کەسانی شارەزاو پسپۆر کایە ئابوورییەکان دەبەن بەڕێوە.

پێم وانییە حکومەت هیچ ئەرك و کارێکی لەئابووری بازاڕ ناکەوێتە سەرشان، بەڵکو لەچوارچێوەی ئەم ئابوورییەدا رۆڵێکی تر دەبینێ، چاودێر و بەدواداچوونی لەسەر شانە، ئەمەش کاتێك جارێکی تر لە رێگەی یاساوە بازاڕ رێك دەخاتەوەو چاودێر بەسەر کەرتی تایبەتەوە نەك رێگر بێت لێی، ئەمەش لە رێگەی یاساوە یاسای ئابووری بازاڕ رێك دەخات و لەم ئابوورییەدا هیچ کەس و لایەنێك لە یاسا گەورەتر و بەدەسەڵات تر نییە، یاساکانیش زۆرن هەر لەیاساکانی کارەوە تاوەکو یاسای وەبەرهێنان و رێکخستنی باج و گومرگ و بیزنس و پاراستنی مافی بەکارهێنەر و یاسای نەهێشتنی قۆرخکردن و دەیان یاسای تری گرنگ کە چوارچێوە یاساییەکەی ئابووری بازاڕ رێك دەخەن و ژینگەیەکی لەباریش بۆ کارو پەرەپێدان زامن دەکرێت.

*** شارەزا لەبواری پەرەپێدانی ئابووری و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی**

**نەبوونی فەلسەفەو ستراتیژییەتێک کێشەیەکی گەورەی بەردەم گەشەکردنی کەرتی تایبەتە**

**هەوڵەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی بێکاری تەنیا لەچوارچێوەی گۆڕینی شێوەو جۆری بێکارییەکەدا دەسوڕێتەوە نەک دۆزینەوەی کاری راستەقینە**

**پێویستە یاساکان رێکخەر و هاندەری پێشکەوتنی کەرتی تایبەت بێت**